# نامق عەبدوڵا توفیق: لەمەرکەز شەبابەکە دەمتوانی خۆراسان رزگار بکەم بەڵام خۆی لەگەڵمدا نەهات، وتی ناتوانم منداڵەکانم بەجێبێڵم

ناوی دیمانەکراو : .نامق عەبدولا توفیق

ناوی دیمانە ساز : عومەر محمەد

ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٢٣.

کات سێی پاشنیوەڕۆ

شوێـــــــــــــن :.خورماتوومالی نامیق عەندولا



جوگرافیای روداوناحێی نەوجول - گوندی وارانی مێژوو دیمۆگرافی ناوچەکە . نیسانی ١٩٨٨ ( نامیق عەبدولا توفیق هەتا ساڵی ١٩٨٧ دانیشتووی ناحێی نەوجول بووەو بەهۆی هەڵـــکەوتەی جوگرافیـــای ناوچەکەیـــانو بـارودۆخی سیاسـی ئەوسـای کوردسـتانو سیاســەتەکانی بەعســەوە زەبـری گـران بەر خـــانەوادەکەیو خزمەکـــانیو خەڵکـــی ناوچەکەیان کەوتووە، لەخانەوادەکەیاندا هەم براکەیو هەم خوشکەکەی بەناوەکانی رەفیق عەبدوڵاو خۆراسان عەبدوڵا خۆیانو منداڵەکانیان ئەنفالکراون، خانەوادەکەی ئەمانیش چیرۆکی جیاوازیان لە ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان هەیە.

خۆراسـان خـۆیو کچێکـی کە دەبـنە خوشـکو خوشـکەزای نـامیق، ئەوان ناویـان لە بەڵگەنـامەکەی موخـابەراتی کەرکوکـداهاتووە، براکەشـیان نـاوی لەبەڵگەنـامەیەکی تـری موخابەراتـدا هـاتووە کە ئیعدام کراون.

ئەم چیرۆکـانەو هەڵکەنـدن لە زێـدی راسـتەقینەی خۆیـان، بەهـۆی ئەوەی لە کـاتی ئەنفالـدا ماڵەکەیـان روخێنـدراوەو تەرحیلکـراون بـۆ کۆمەڵگـای بنەسـلاوی لای هەولێـرو ئێسـتاش بنەیەکیـان لە خورمـاتوو بنەیەکیان لە بنەسلاوەی لای هەولێرە بارێکی سایکۆلۆژی زۆری بۆدروستکردوون کە جیاوازن لە کۆی ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان) ژیانی ئێستایان بەگشتی لە باری ئابوریو ئەمنیو کۆمەلایەتیەوە خراپ وناڵەبـارە خورمـاتوو بەردەوام لەبەردەم هەرەشـەی تیرۆرو تەقینەوەدایەو رۆژانە گەنجومنداڵو مرۆڤـی هاوشێوەی بەشارەتی تێدا دەبنە قوربانی، لەبارەی یاساو داد پەروەریشەوە لەوپەری بێ ئومێدیدا دەژینو باوەربەوەنـاهێنن یاسـا بەفریایـان بکەوێـتو لەم دۆخەی ئێسـتا رزگاریـان بکـات . ئەم خـانەوادانەی مـن لەمیـانەی گەشـتەکەمدا سـەردانم کـرد پێویسـتیان بە سـەردان ودڵدانەوەو رێزگـرتن هەیە، ئەوان خۆیـان خەڵکـانێکی سـەلامەت و بەرێـزن و پێویسـتیان بەوەیە بەرێزەوە مـامەڵە لەگەڵ دۆسـێی ئەنفالکراوەکانیـان بکرێت و هەستیان رابگیرێت .

هەرکە گەیشتینە خورماتوو، لاماندایە ماڵی کامەران محەمەد جەوهەر دوای پشویەکی کورتخایەن لەماڵ دەرچووین بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان بەناو ترسی تەقینەوەدا گوزەرمانکردە ناو گەرەکی وەک دەیانگوت

تەنها لەم گەرەکەدا ترسمان هەیە ئەوانی تر بێترسن، هەرچەندە سەری هەموو کۆڵانەکانی ئەو گەرەکە بە دیواری کۆنکریتی ئەستور بۆ ئاسایشی خەڵکەکەی بەستراب‌وون، یەکەمین کەس کەچاومان پێی کەوت بەنیازی دیمانەلەگەڵ کردنی نامیق عەبدوڵا توفیق بوو، کە چوینە ماڵیان بەرویەکی خۆشو نەجابەتەوە پێشوازی لێکردین. ئەوکاتەی چوینە ماڵیان بەجلێکی ئاودامانی عەرەبیەوە بەرچاوکەوت، بەڵام بۆکاتی دیدارەکە جلوبەرگە کوردیەکەی پۆشیو لەبەرامبەر کامێراکە دانیشتو بەهەمان روخۆشیەکەی پێشوویەوە وتی : ئینجا فەرموو پرسیاربکەو منیش هام لەخزمەتدا .

**با لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین ؟**

ناوم نامیق عەبدوڵای توفیقە ، لە دایکبوی ١٩٥٣ م خەڵکی نەوجول سەربە قەزای خورماتوو.

**نەوجول چەند ماڵ بوون ؟**

نزیکەی ١٥٠ ماڵ دەبوونو پێش ڕوخاندنیش زۆر زیادی کردبوو نزیکەی ٢٠٠ مال دەبوون.

**نەوجول چەندە لە خورماتووەوە دورە ؟**

نزیکەی ٣٠ کم دورە .

**بەچیەوە سەرقاڵ بوون ؟ بەچی ژیانو گوزەرانتان بەرێوە دەبرد.**

بە کشتوکاڵو مەرداریو موەزەفو عەمەلەو عەسکەر ئیتر هەریەکەو بەشتێکەوە سەرقاڵ بوون .

**پێدەچێ نەوجول هەمووتان خزمی یەکتری بوون ؟**

بەڵی گشتی خزم یەکتری بووین .

**چەند کەس لەخانەوادەکی تۆ ئەنفالکراوە ؟**

زۆربەی نەوجول خزمین وە نزیکەی (١٣٢) کەس ئەنفالکراوە لەگوندەکەماندا .

**باشە بائێستا بڵێن هەموو خزمە نزیکەکانت چەند کەس ئەنفالکراوە ؟**

دەوری بیست کەس.

**ئەی ماڵی خۆتان ؟**

لەماڵی خۆماندا براکەم بە خێزانەکەیەوە نۆکەسن وە خوشکەکەم بە ماڵ و منداڵەوە شەش کەسیان ئەنفال کراوە.

**براکەت ناوی چی بوو؟**

(ڕەفیق عەبدالله) و هاوسەرەکەی (لە علیە عباس).

**ناوی منداڵەکانیت بیرماوە ؟**

بەڵێ کورە گەورەکەی (نەوزاد)ی ناوبوو، وەکچە گەورەکەی (مەلیحە) وە منداڵەکانی تر (شێرزاد و سەبێحە وکاوە و دلێر و دڵشاد) وە دواین منداڵی دەوری ساڵێک بوو.

**ئەتوانی ناوی خوشکەکەتمان پێبڵێت؟**

بەڵێ ناوی (خۆراسان عبدالله تۆفیق) و هاوسەرەکەی (نازم عباس جەوهەر) وە چوار منداڵیان هەبوو کە (چیمەن) یەکێکە لەو هەژدە کچەی وڵاتی میسر وەمنداڵەکانی تر بەناوەکانی (ئیلهام و ئارام و بەختیار) .

**ئیلهام ناوی لەگەڵ ئەو هەژدە کچ وژنەدایە ؟**

نەخێر تەنها چیمەن و خۆراسانی دایکی ناویان هەیە.

**دوای ئەوەی کەسوکارەکانتان ئەنفالکرا تۆ هەر لەدووزخورماتوو دانیشتیت ؟**

بەڵێ من هەر لە دووز خورماتوو بوم بەڵام من هیچ هەواڵێکیانم نەدەزانی ولێرە چاوەرێ بووم وەختێکمان زانی ئەوان برابوون بۆ (قۆرەتوو) .

**واتا بردویانن بۆ ئەوێ ؟**

بەڵێ، بەڵام خوشکەکەم (خۆراسان) نا ئەو لێرە گیرا چەند محاوەلەم کرد بۆئەوەی بەریاندەم و ناسیاوێکمی لێبوو وتی وەرەبیبەرەوە، بەڵام کە چووم بۆلای و قسەم لەگەڵدا کرد خۆراسان وتی ناتوانم مناڵەکان بەجێبێڵم ، بەڵام خەڵک هەبووە خوشکی خۆی دەرکردوە .

**ئەوکەسەی کە خوشکەکەی خۆی دەرکردوە کێ بوو؟**

ناوی (مستەفا مەجید) بوو وە خوشکەکەی ناوی(ئەمیرە سابیر )بوو.

**واتا ئەمیرە لەگەڵ خوشکەکەی تۆدا بوو لەمەرکەزەکە ؟**

بەڵێ.

**کەواتە تۆ بە(خۆراسان)ت ووت وەرە بادەرتبکەم بەڵام خۆی نەهات؟**

بەڵێ خۆی رازی نەبوو کە مناڵەکان و خزمەکانی بەجێ بهێڵێ وە ئەوانیش نەیان دەزانی کەوایان لێدێت، کورێکی لێبوو کە مەفرەزە بوو ئەو مەجالیشی دام بەڵام نەهات.

**مەبەستت لەمەفرەزە چیە؟**

فەرماندەی مەفرەزەی جاش بوو ئەوسا لە مەرکەزکە بوون.

**کێ بوو ئەو کورە ؟**

ناوی (تاهیر عزیز رەزا ئاغا) بوو.

**واتا ئەو ئامادەبوو هاوکاریت بکات ؟**




بەڵێ هەتا (محمد فرەج) بە (محمد حەکیم )ی وت چی لەو خەڵکە دەکەن ئەو ووتی وەڵا کەسیان دەرناچن.

**ئەوکاتەی لەمەرکەزەکە بوون زاواکەت (نازم) یان لەگەڵ بوو؟**

نەخێر زاواکەم بریندار بوو بردبویان بۆ نەخۆشخانە ، چووم بۆلایان چوارکەس بووین وە شتمان بۆبردبوون بەڵام نەیانهێشت تەنها تۆزێک ماستمان دانێ کە بەکەوچک خواردیان وە نەیان هێشت لە نەخۆشخانەکەدا دەریان بکەین دوای ئەوانیشیان برد.

**باشە ئەوکەسانەی کەلە دوبز یان لەنوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە باس لەوەناکەن کەس (خۆراسان)ی بینیبێت؟**

نەخێر هیچ کەس باس ناکات بینیبێتیان ئەو کەلێرە بردیان ئیتر نەمان زانی بۆکوێیان بردووە.

**ئەو فەرماندە عەسکەریەی کە لێرەوە بردبویانن دوایی نەزانرا کە کێبوو ؟**

سەیارەی خەڵکیان لەگەڵبووە، هەتا سایەقێک هەیە (جەبار)ی ناوە کە یارمەتی خەڵکی داوە دەرباز بووە.

**پێتوایە نزیکەی چەندکەس دەرباز بوون ؟**

وەڵا زۆر لەوانەیە سەد بۆ سەدوپەنجا کەس بن.

**تۆ تاچەند چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو ئەنفالکراوانە بویت؟**

بەڕاستی ئێمە تا ٢٠٠٣ بەتامایان بووین، بەڵام لەدوای ئەوە نەوەڵا هیچ بەتەمایان نەماین.

**بۆچی لەوکاتەوە بەتەمایان نەماون ؟**
چونکە لەوکاتەدا ئەگەر بمانایا دوای ڕوخانی ڕژێم دەردەکەوتن، ئەگەر لە سجنێ یان لە شوێنێک بونایە ئەبوایە دەرکەوتنایە، دایکم تا مابوو بەتەمایان بوو زۆر لەشتومەکوکەلوپەلەکانیانی لەلای خۆی هەڵگرتبوو هەر دەیگووت دێنەوە.
**خۆراسان چەند منداڵی هەبوو ؟**
چواری هەبوو.
**ناوەکانیان چی بوو ؟**
ئیلهام بوو، چیمەنو ئاراموو بەختیار دوو کورو دوکچ .
**ئیلهام ناوی لەبەڵگەنامەکەدا نیە؟**
نەخێر چیمەن ناوی لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتدایە .
**کەواتە خانەوادەکەی خوشکەکەتو براکەت هیچکامیان دەرنەچوون هەموویان ئەنفالکرانو نەبینرانەوە ؟**
بەڵێ هەموویان ئەنفالکراون کەسیان نەماون .
**خۆراسان تەمەنی چەند بوو ؟**
موالیدی ١٩٥٥ بوو .
**بەلام لە بەڵگەنامەکەدا تەمەنی بە (٢٠)ساڵ نوسراوە ؟**
ئەی بڵێم چی ؟
**ئەی چیمەن تەمەنی چەند بوو ؟**
چیمەن تەمەنی وەلا هەراش بوو وابزانم ١٩٧٧ بوو
**ئەویش لەبەڵگەنامەکەدا تەمەنی بە (٢٢) ساڵ نوسراوە  کەواتە ئەوەش جێگەی پرسیارە .**
بەڵێ .
**دوای ئەوەی بەڵگەنامەکە لەساڵی ٢٠٠٣ دەرچوو، هەستت چۆن بوو ؟**
من لەماڵ نەبووم لەدەشت بووم، کە هاتمەوە ووتیان مژدە بەڵگەنامەیەکی وا بلاوکراوەتەوە یژێ ئەو کەنیشکانەمان ماون وان لەمیسرن . ئەوان وەک مژدەیەک ووتیان دڵیانخۆش بوو من ڕاستی زۆر سەغڵەت بووم ووتم هەرباسی مەکەن، مەگەر قسەیەکی زۆر خۆشیان بۆتان کردووە ؟! ڕاستی زۆر لەگیانم ناخۆش بوو، ووتم هەرباسی مەکەن.
**بۆچی هەستت وابوو ؟**
ئەی برا بێژم چی هیچ هەیە لەوە ناخۆشتر ؟
**پێشئەوەی ئەو نوسراوە وەک بەڵگەیەک بکەوێتە دەست ئێوە هیچتان لەوبارەیەوە بیستبوو کە ئافرەت کورد فرۆشرابێ بەوڵاتان یان لەناوخۆی عێراق دابەشکرابنە سەر عەشیرەتە عەرەبەکان ؟ هەتا ئەو هەواڵەت لەلا ناخۆش بێت ؟**
وەک بیستن ئەمان بیست، کە ژنە پیرەکان لە نوگرەسەلمان دەهاتنەوە لەکەلار کەسێک شتێکی وای گووت ووتی: بەخوا یەک ئافرەتی جوانمان نایەتەوە گشتیان فرۆشراون، ڕاستی پێشتریش من دڵم دەیگووت: ئافرەتمان ماوە.
**تۆ ئەوپیاوەت ئەناسی کەوای گووت ؟**
ناوەڵا نایناسم بەڵام قسەکەم لەلا ناخۆش بوو؟
**ببورە کاک نامیق دەمەوێ بەڕونی بزانم بۆچی لە گیانت ناخۆش بوو، مەگەر پێت ناخۆش بوو بمێنن ؟**

وەک مەسەلەیەکی شەخصی ناخۆش بوو، ئەگینا ئەوە شتێکی گشتیە بۆهەموو کورد وەرە حکومەتەکە ئەوەندە زاڵم بێت میللەتەکەی خۆی بەو دەردەبەرێ چەندە ناخۆشە. ئەگەر بەپارە بێت یان هەروا دابەشی سەروڵاتانی عەرەبی کردبن .ئەوە لەگیانمدا گران بوو، میللەتیک تەعدای ئاوای لێبکرێت ئەوەنەبێ من بەشتێکی شەخصی وەری بگرم، ئەگینا حسابکە ١٥ کەسیان خزم خۆمن، یەکیان خوشکی کاک عەبدولخالقەو چواریان خوشکو خوشکەزاو براژنی کاک بەشارەتن، دوانیان خوشکو خوشکەزای منن . ئێمەش کەوتینە خۆو چوینە سلێمانیو چوینە هەولێر بۆلای وەزیری شەهیدان ئەوکات چنار سەعد بوو، ئەوان ووتیان شتێکی ناخۆشە بەڵام ئەوە درۆیەو شتی وانیە .

**چنار سەعیدیش وەزیری شەهیدان ووتی : درۆیە ؟**

بەڵی ئەویش ووتی درۆیە شتی وانیەو هەر ووتنە .بەعەقڵداناچێ .

**خۆتان هیچ گومانتان هەیە لەسەر بەڵگەنامەکە ؟**

بلێم چی سەیری ناوەکان دەکەین تەواوە گشتی خوشکو خوشکەزاکانی ئێمەن تەنها سێ کەسیان نەبێ کە نایانناسین ئەوانەی تر تەواون بۆیە بروا دەکەین ئێستا ئینسان عەسکەریش بێت کە خزمی یەکتری بوون هەر پێکەوە خردەبنەوەو دەچنە لای یەکتری . بۆیە دەڵێم راستە .

**ئێوە هیچ دەربارەی ئەوسێ کەسەی تر هیچ نازانن ؟**

هیچیان لەبارەوە نازانین کاک کامەرانیش هەر هەوڵدەدا کەس نازانێ ئەوسێ کەسە نازانین کێنو خەڵکی کوێن .

**دوای ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٦ چونە لای چنار سەعیدو ئاوا قسەی بۆکردن ئیتر ئێوەچیتان کرد ؟**

وتی ئیشاالله هەوڵتان بۆدەدەم، ڕۆژێکی تر ئێمە لەقەڵاچوالان بووین، من بۆخۆم عەریزەیەکم دا بە کاک مەسعود، ئتر دوای ئەوە کەسێک بەناوی نەجات حەسەن تەلەفۆنێکی بۆکردم ووتی عەریزەکەت گەیشتووەتە کاک مسعودو ئینشاالله بەم زوانە جوابتان دەدەینەوە کارتان بۆدەکات، ئیتر هەر ئەو تەلەفۆنە بوو نەتیجە هەرئەوە بوو، دەنگیان نەما.

**گەیشتنە چ ئەنجامێک ؟**

ئەنجام نەبوو، هەر ئەو تەلەفۆنە بوو.

**ئێستا جارێکی تر کە باسەکەیان هاتەوە پێشێ ؟**

ئەمجارە لەو فیلمەدا باسەکەیان سەری هەڵدایەوەو تازەوە بوو.

**بۆئێوە مایەی ناخۆشی بوو یان خۆشی ؟**

ئێمە هەمووومان وەک کوردیش لەگیانمان ناخۆش بوو.

**ئاخر چیتان پێناخۆش بوو ؟**

فیلمەکەمان پێناخۆش بوو، خەڵک هەیە هیچ خەمی نیەو هەریەکەو بەجۆرێک دەیگێڕێتەوە ئەوە ناخۆشە ئێمە دەسەڵاتمان نیە .

**تاچەند فیلمەکە بەبەڵگە دەزانی یان تاچەند وەک خەیاڵی سیناریۆ نوسێک دەیبینی ؟**

راستی ناتوانم بلێم لەسەداسەد ڕاستە بەڵام وەک ئافرەتمان لە مسر بێت یان لە سعودیە لەوڵاتی تر ئافرەتی کورد هەبێ هەیە، من بۆخۆم عەسکەر بووم ، کەسێک قسەی بۆکردم ووتی ئاقرەتی کورد دابەشکراون و پێیانوتوین وەرن ژنی کورد بەرن بۆخۆتان بەڵام ئێمە نەمان هاوردووە لەبەرئەوەی حکومەت لەگەڵمان خراپ بووەو ئەوەندە خەڵکی لێ کوشتین بۆیە بەقسەیانمان نەکرد.

**ئەو کەسە کێ بوو، ئەتوانی ناوەکەیم پێبلێی ؟**

ناوەکەیم بیرنەماوە بەڵام خەڵکی دوجەیل بوو، ئەویش لەگەڵماندا عەسکەربوو، من هیچم نەوت ئەو خۆی بۆگێرامەوە . من نەمپرسی بۆ خۆی باسی شتێکی ئاوای بۆکردم، ووتی لە حزبەوە پێمانیان ووتووە ئەگەر ژنتان گەرەکە وەرن بیبەن بۆخۆتان .

**هەتا چەندە پێتان باشە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باسی ئەو دۆسێیە بکرێت ؟**

ئەگەر بۆ بەرژەندی کوردبێ پێمانخۆشە، بەڵام ئەگەر هەر بۆ کەیفخۆشی خۆی بێت ئەوە پێماننا‌خۆشە . ئەگەر بۆ بیرخستنەوەی حکومەتو بەدواداچون بێت پێمانخۆشە .

**هەتا چەندە گەشبینی بەهەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دۆزینەوەیان ؟**

بە هیواین بە ئەنجامێک بگەین وکۆتایی پێبێت، بەبوونو بەنەبوون، ڕەنگە ڕاستیش بێت بەڵام لە ژیاندا نەمابن، ئەمجارە ئۆمێدم هەیە، ئێمەش لە لیژنەکەدا نوێنەرمان هەیە، خۆشحاڵین بەولیژنەیە .

**ئەگەر ڕۆژێک وەزعەکە بەدڵی ئێوە بوو خوشکو خوشکە زاو کەسوکارەکانتان دۆزرانەوە چۆن پێشوازییان لێدەکەیت ؟**

هەلبەتە زۆر بەخۆشحاڵییەوە، زۆر خۆش دەبێ لەگیانمان، چونکە ئەوان بێدەسەڵات بوون خۆشمیان ببردایە هیچ دەسەڵاتم نەدەبوو .

**کەس هەیە ڕۆژێک ڕاستەوخۆو بەرەو ڕوو قسەی ناخۆش و بریندار کەری پێ کردبێ ؟**

بەڵی هەیە، خەڵک هەیە قسەی ناخۆشیش دەکەن .

**وەکو کێ دەتوانی ناوی بهێنی ؟**

بەڵی ڕۆژێک کەسێک قسەیەکی زۆر ناخۆشی کرد ووتی ئێستاش خوشکەکەی وا عارەب وای پێدەکا، کەچی لە عارەب دەترسێ . ئەوەم زۆر پێناخۆش بوو .

**چی بکەین بۆئەوەی چیتر ئەو دۆسێیە وەک مەسەلەی ناموس لێک نەدەینەوەو وەکو دۆسێیەکی ئینسانیو نەتەوەیی تەماشای بکەین ؟**

نازانم چی بکەین، بەڵام دەبێ وەک تۆ ئێژی چونکە ئەوە کێشەی کوردە و بەتەنها هی خانەوادەکانی ئێمە نیە . من خوشکەکەم ئەوەندە بەحەیابوو نەمدەدی منداڵیک بگرێتە باوەشو بە ئازادی بێت بۆ ماڵ خۆمان یان ماڵ باوکم ئەوەندە شەرمن بوو .

**هیچ وێنەیەکی خۆراسانو براکەتو برازاو خوشکەزاکانت هەیە ؟**

بەڵی هەیتمان لە ماڵەوە هەمانە .

**دەتوانی پێم بدەیت و منیش وێنەیانم هەبێت ؟**

بەڵی پێت دەدەم .

**قسەیەکت ماوە بیکەیتو من بەبیرمدا نەهاتبێ پرسیارت لێ بکەم ؟**

نا هیچ قسەیەکی ترم نیە .

**قایلیت ئەم دیمانە تۆمارکراوە بڵاوبکرێتەوە ؟**

ئەی بۆنا هیچ قسەیەکی خراپم نەکردووە زۆر بەلامەوە ئاساییە.

**زۆر سوپاس بۆ میوانداریو ئەو کاتەی پێت بەخشیم**

سوپاس بەخێربێن وەبان چاو .

مكتب صندوق ... سعر المفرد ٢٥٠ دينار دائرة جنسية ... الطوز

١٦٩٩٣٧٤

صورة قيد التسجيل العام لسنة ١٩٥٧

وزارة الداخلية – المديرية العامة للسفر والجنسية

مديرية / دائرة ..طوز..

السجل ..٢٥٤.. الصحيفة ..٧٠٧٧٩..

المحافظة ..صلاح الدين.. القضاء ..طوز.. الناحية ..........

ط / ١

| الجنس | الاسم | اللقب | اسم الأب | اسم الجد الصحيح | هل الأب حي أو متوفى | اسم الأم | اسم الجد الصحيح | هل الأم حية أم متوفاة | علاقة الشخص برئيس الأسرة | المهنة أو الحرفة | الدين أو المعتقد | تاريخ الولادة رقما | تاريخ الولادة كتابة | سند تاريخ الولادة | محل الولادة الناحية | محل الولادة القضاء | محل الولادة المحافظة | العاهات الجسمية الظاهرة | الحالة الزوجية | رقم الهوية وتاريخه | رقم دفتر النفوس وتاريخه | تاريخ السجل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| انثى | خرسان | البداوه | عبدالله | توفيق | حي | نهيه | عبدالله | م | زوجة ابنه | | مسلمة | ١٩٥٥ ٧/١ | تسعة عشر خمسة وخمسون | | طوز | الاوسط | | سالم | متزوجة | | | |
| زوجها ناظم عباس جوهر تولد ١٩٥٥/٧/١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

التصحيحات والتأشيرات المثبتة في السجل المدني ..العقيد نمير جيجان خضير..

العدد :

التاريخ ٢٢/ ٦/ ٢٠٠٦

إلى / مؤسسة المؤنفلين

أعلاه صورة القيد المطلوبة بكتابكم المرقم ..٦.. في ..٢٠٠٦/٦/١٢..

للتصرف رجاء

توقيع رئيس الدائرة

العقيد

زين العابدين حسن محمد

اسمه الكامل ..........

ختم الدائرة ..........

توقيع المنظم ..........

اسمه الكامل ..........

AL-TOOZ

www.Anfalistan.com

سعر المفرد ٢٥٠ دينار

١٦٩٩٣٧٨

صورة قيد التسجيل العام لسنة ١٩٥٧

وزارة الداخلية – المديرية العامة للسفر والجنسية

مديرية / دائرة ..طوز..

السجل ..٢٥٤.. الصحيفة ..٧٠٧٧٩..

المحافظة ..صلاح الدين.. القضاء ..طوز.. الناحية ..........

ط / ١

| الجنس | الاسم | اللقب | اسم الأب | اسم الجد الصحيح | هل الأب حي أو متوفى | اسم الأم | اسم الجد الصحيح | هل الأم حية أم متوفاة | علاقة الشخص برئيس الأسرة | المهنة أو الحرفة | الدين أو المعتقد | تاريخ الولادة رقما | تاريخ الولادة كتابة | سند تاريخ الولادة | محل الولادة الناحية | محل الولادة القضاء | محل الولادة المحافظة | العاهات الجسمية الظاهرة | الحالة الزوجية | رقم الهوية وتاريخه | رقم دفتر النفوس وتاريخه | تاريخ السجل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| انثى | جيهان | البداوه | ناظم | عباس | حي | خرسان | عبدالله | حي | بنته | | مسلمة | ١٩٧٧ ٧/١ | سبعة وسبعون وتسعمائة والف | | طوز | المركز | صلاح الدين | سالم | باكر | | | |
| والدها ناظم عباس جوهر تولد ١٩٥٢/٧/١ متزوج | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| والدتها خرسان عبدالله توفيق تولد ١٩٥٥/٧/١ متزوجة | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

التصحيحات والتأشيرات المثبتة في السجل المدني ..........

العقيد نمير جيجان خضير

العدد :

التاريخ ٢٢/ ٢٠٠٦/٦

إلى / مؤسسة المؤنفلين

أعلاه صورة القيد المطلوبة بكتابكم المرقم ..٦.. في ..٢٠٠٦/٦/١٢..

للتصرف رجاء

توقيع رئيس الدائرة

العقيد

زين العابدين حسن محمد

اسمه الكامل ..........

ختم الدائرة ..........

توقيع المنظم ..........

اسمه الكامل ..........

AL-TOOZ

www.anfalistan.com